www.kurdistannet.org
24-2-2003 15:20

# ئەو نامەیەی بێویستە بخوێنرێتەوە

ئیبراهیم هەورامانی

سلاو .... لە هەر کوێ هەیت. سلاوم قبوڵ بفەرموو. بێم خۆشە ساتێك لە تەمەنت لەگەڵ ئەم نامەیەدا بەسەربەریت.

کاتی ئەوە هاتوە. بێکەوە بچینەوە حزوری هەلەبجە و سەرێك لە کوچە و شەقام و کوڵانەکانی بدەینەوە. . دەکرێت تۆ هەلەبجەت نەدیبێ. بەلام بیم وایە هەلەبجە دەناسی. . هەلەبجەی بەر لە (15) سال لە ئەمرۆ. . دەیناسی دەمەو عەسرێ بویە گۆرستانیکی گەورە بۆ (5000) هەزار ئینسان. . بویە دوا وێستگەی تەمەنی ئەو باساری یانەی عەیامێك نازی ئیمەیان دەکێشا و فێری عاشق بوونیان دەکرین.

هەلەبجەی بەر لە (15) سال لە ئەمرۆ. . هەلەبجەی ئەو کاتانەی نە من و تۆ تالێ لە مووی سەرمان سبی بو بوو ... نە منیش ئەو کاتانە بۆهەر دوو چاوم بەنام دەبردە بەر چاویلکە.

ئازیزم دەکرێتۆ هەلەبجە ت نەدیبێ بەلام دلنیام دەیناسی. بۆیە کاتی ئەوە هاتوە بیکەوە هەمومان بچینە حزوری ئەم هەلەبجە یەی ماندوە و نایەڵن لەسەر بشت بۆحەسانەوە کەمێك راکشێ. . دەزانم لەم میوانداریيەم داسڵ دەکەیت نا هەقت نیيە ئازیزم.

من دەمەوێلەم سەفەرەی ئەم شاڵم دا بەر لە وادەی 3/16 ئینسان گەلێك بین بیکەوە. هاوسەفەر بچینە حزوری (حەشەکەی وەسمان باشا) و هیچ نەبێت گەر بۆ یادگاریش بێت وێنەیەك بیکەوە هەر هەموومان وێنەیەکبگرین.

دواتر دوای گەرانێك بە بێو شەقام و کوچەی دا هەر هەموو بیکەوە بچینە سەر گۆرێك. تەنیا گۆرێك کە لانکی هەزاران شەهیدە. بێئەوەی سەرنجی بدەینە ئەم لاو لا. . گولێك. . دوو گوڵ. . چەبکە گوڵ بەرێزەوە لەسەر یەك گۆری هەزار شەهید دابنێن.

کاتی ئەوە هاتوە دەنگت بخەیتە باڵ دەنگم بەر لەوادەی 3/16دەنگمان بکەینەوە یەك و ئەوانە بە ئاگابێنینەوە بۆچرکەیەکیش مۆلەت نادەن ئەم شارە بشوویەك بدات.

دەبێم بلێ چ شاریک شك دەبەی هێندەی هەلەبجە بە دەست چەك و چەکداری یەوە ماندوو بێت.

دەبێم بلێ چ شارێك شك دەبەی هێندەی هەلەبجە عاشق بە جوانی و جوانی بێت. .

ئیتر کاتی ئەوە هاتوە ...هەڵەبجە بێتەوە مەیدانی شیعر و لەحزەکانی چی!ژ وەرگرتن لە ژیان.

بێم خۆشە هاو سەفەرم بیت ؟ئەگەر نا. . با دەنگت هاو دەنگم بێت ...

بێکەوە بر بە دونیا هاوار بکەین ...هەڵەبجە ماندووە. لێگەرێن بە نیازە بشویەك بدات لێ گەرێن با بشوویەك بدات.

hawramani11@yahoo.com

**تێبینی کوردستان نێت**:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونە (کوردستان نێت)ە، بەلاّم بەهۆی بروا بوونمان بە ئازادی دەربرینەوە، بلاّویدەکەینەوە. لەگەڵ رێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم رێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت..... 15-1-2003